ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
43
10 ی ئەیلول/ سێپتێمبەر 2022

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ رێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی رادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!**



## بەغداد لەنێوان شەڕی میلیشیاکاندا!

**عوسمان حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٣



## پەرلەمانتاری دزو یاساشکێن ناتوانێت ژیانی هەژاران چاک بکات!

**مستافا باهیر**

بۆ لاپەرە ٤



## بەیداخەکەی شاسوار بەسەر لولەی کاتیۆشاکەی سەدرەوە!

**جەمال موحسین**

بۆ دوالاپەرە

**لەروانگەی کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە رزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



**موحسین کەریم**

## لە پێناو بەرگری لە کەرامەتی ژناندا!

سوکایەتیکردن بەکەرامەتی ژنان بوەتە بەشێک لە سیمای جیاکەرەوەی کۆمەڵگای کوردستانی عێراق. ئەحزابی دەسەلاتداری کوردایەتی، کە خۆیان بە ناڕاستەوخۆ دەستیان هەیە لە پەرەدان بە توندوتیژی و کوشتنی ژنان بە بیانوی پووچی ناموسپەرستی، بەوەشەوە نەوستاون و بە ئاوەڵاکردنی دەرگای میدیاکانیان و فەزای گشتی و سۆشیاڵ میدیا بۆ ڕەوتە ئیسلامیە کۆنەپەرست و دژە ژنەکان، رۆژانە کەرامەتی ژنان دەخەنە ژێر پێوە. خەریکن ژینگەیەکی پڕ لەسوکایەتی و بێرێزکردن و بەکەمسەیرکردنی ژنان و تەنها وێناکردنیان وەکو ئامرازێکی تێرکردنی ئارەزوە سێکسیەکانی پیاوان لەناو کۆمەڵگادا ڕەواج پێبدەن.

دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیستی کورد، بۆ کەمکردنەوەی دەورو جێگای لایەنە ئیسلامیە سیاسیە نەیارەکانیان، دوای دەورەیەک لە موجامەلەو بەشداری پێکردنیان لەخوانی تالانی و دزیەکانیان، ئێستا فەرشی سوور بۆ کۆمەڵێک ڕەوتی دیکەی ئیسلامی دادەخەن کە لەگەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیە سیاسیانەدا ناتەبان و دژایەکردنی فەرمانڕەوای موسڵمان، ئەگەرچی زاڵمیش بێت بە ناشەرعی دادەنێن! ئەم رەوتە ئیسلامیە تازەیە، بەپێچەوانەی لایەنەکانی ئیسلامی سیاسیە تەقلیدیەکانەوە، کە ئەوانیش کەمیان نەکرد لەدژایەتیکردنی مافەکانی ژنان و هەرجۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانەی ژنان، خەریکن ژنان

بۆ لاپەرە ٢

# درێژەی...... لەپێناو بەرگری لە کەرامەرتی ژناندا!

دەکەنە کاڵایەکی سێکسی پیاوان و هیچی دیکە. ئەگەر ئیسلامی سیاسی تەقلیدی کوردستان جێگایەک بۆ ژنان دادەنێن لەچوارچێوەی سیاسەتی خۆیاندا، ئەوا ئەمان هیچ جێگایەک بێجگە لە پێشکەشکردنی سێکس بە پیاوان، بۆ ژنان بەڕەوا نازانن!

ئێستا ئەم رەوتە ئیسلامیە کە زیاتر بە ئیسلامی سەلەفی ناسراوە، خەریکی ڕەواجدانە بەوەی کە کچان و ژنان لە کایەی کۆمەڵایەتی، وەکو خوێندن و کارکردن و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوربخاتەوەو بیانخاتەوە ناو کونجی ماڵەکانیان. بە ئاشکرا دژایەتی خوێندنی کچان دەکەن. بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە ژنان و کچان نابێ کار بکەن و ئەوە ئەرکی ئەوان نیە، بەڵکو ئەرکی ئەوان دایکایەتیە! واتە سێکس و منداڵ بەخێوکردن! ئەم ڕەوتە لەڕێگای پڕوپاگەندەکردن بۆ زەواجی مسیار و جۆرەکانی دیکەی زەواجی ئیسلامیەوە، نەک هەر پەرە بە فرەژنی دەدەن، بەڵکو ژنان وەکو کاڵایەکی سێکسی کاتی ( دیسپۆزەبڵ) چاولێدەکەن کە پیاوان بۆ تێکردنی ئارەزوە سێکسیەکانیان دەتوانن لەبەرامبەر بڕێک پارەدا و بۆماوەیەک، لەگەڵیان سێکس بکەن و پەردەیەکی شەرعیش بدەن بەسەر ئەمجۆرە لەشفرۆشیەدا! ئەم ڕەوتە ئیسلامیە، دەیەوێ هەموو کچان و ژنانی کوردستان بکاتە کۆمەڵێک لەشفرۆش بەپێی شەرع کە هیچ کارێکیان لەناو کۆمەڵگا بۆ نەماوەتەوە تەنها فرۆشتنی جەستەی خۆیان نەبێت!

ڕەواجدان و پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەمجۆرە لە زەواج و ئەمجۆرە لە تێڕوانین بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی و شەخسی ژنان لەلایەن ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەوە و چاولێپۆشین و بگرە موجامەلەو هاوکاریکردنیان لەلایەن

**ئیسلامی سەلەفی، دەیەوێ هەموو کچان و ژنانی کوردستان بکاتە کۆمەڵێک لەشفرۆش بەپێی شەرع کە هیچ کارێکیان لەناو کۆمەڵگا بۆ نەماوەتەوە تەنها فرۆشتنی جەستەی خۆیان نەبێت!**

دەسەڵاتدارانی کوردایەتیەوە، مەترسیەکی جدیە لەسەر کەرامەت و کەسایەتی و پێگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ژنانی کوردستان. دەسەڵاتدارانی کوردایەتی کە کەوتونەتە بەردەم رقی جەماوەری بێبەشی کوردستانەوە، لەڕێگای ژیاندنەوەو پەرەدان بە هەرچی بیروباوەر و نەریتی دواکەوتوانەو کۆنەپەرستانەو دژەمرۆیی و دژەژنیەوە دەیەوێ دەسەڵاتە داڕزیوو گەندەڵ و بەسەرچوەکەی خۆی رابگرێت. هەروەکو چۆن لەساڵانی نەوەدەکاندا بەرامبەر بەبزوتنەوەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی و کۆمۆنیزمدا دەستیان لەپشتی گروپە ئیسلامیە سیاسیە تیرۆریستەکان دەدا و ئیمتیازاتی سیاسی و پۆست و پارەیان پێدەدان، ئێستاش بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی خۆیان بەرامبەر بەناڕەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەش و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستان و بەرگرتن بە مەترسی شۆڕش و راپەڕینی جەماوەری پەنایان بۆ ئەم جڕوجانەوەرە سەیرو سەمەرانە بردوە...

ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کوردستان، دەبێ ڕێگانەدەن سوکایەتی بەکەسایەتی و پێگەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی ژنان بکرێت. نابێ ڕێگابدەین ئەم ڤایرۆسە ئیسلامیە دژە ژنانە گەشەبکەن و کۆمەڵگای کوردستان دوچاری نەخۆشی کۆمەڵایەتی بکەن. دەبێ بەهەموو جۆرێک دژیان بوەستینەوە. هاوکات دەبێ دژی ئەو سیاسەتە قێزەونەی مافیاکانی دەسەڵاتیش بوەستینەوە کە ئامادەن لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا کەرامەتی ژنان لەبەردەم ئەم باندی لەشفرۆشیەی ئیسلامی سەلەفیدا هەرزانفرۆش بکەن!

بەرگریکردن لەکەرامەت و کەسایەتی شەخسی و کۆمەڵایەتی ژنان ئەرکی هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز و مەدەنیە.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# بەغداد لە نێوان شەڕی میلیشیاکاندا!

## عوسمان حاجی مارف

پەنابردن بۆ شەڕی چەکدارانە لەنێوان سەرایا سەلام ی سەدرو هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە شاری بەغدا، هاوکات شەڕ لەگەڵ دەستەی چەکداری خەزعەلی لەشاری بەسرە، نیشاندانی داختنی تەواوی ئەو ڕێکەوتنەیە کە هێزە میلیشیاکانی شیعە دەیانویست حکومەتێک بەشێوازی تەوافق و بەشبەشێنە کە پێش چەندین ساڵ لەسەری ڕێککەوتبون، پێک بهێننەوە. واتە ئەنجامی بنبەستبون بۆ پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا بە ڕێکەوتنی نێوان هێزە میلیشیاکانی تائفی و ئیسلامی و عروبە تا رادەیەک بەشوێنی خۆی گەیشتووە، لەو نێوەشدا بە هەلکوتانەسەر پەرلەمان و دامودەزگا حکومیەکان خەریکە دانیشتوانی شاری بەغداد دەخەنە ناو ئاگری دۆزەخی شەڕەکەیانەوە.

ئەم شەڕە چەکداریەی سەدر لە بەرانبەر عامری و خەزعەلیدا پێشبینی دەکراو کردارێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە ئاکامی کێشمەکێشی نێوانیان نەیتوانی و ناتوانێ هیچ نەخشەو پلانێکی گونجاو بۆ ڕێکەوتن لەسەر بەردەوامی بە جەردەیی و تالانی و گەندەڵی پێکەوە لە حکومەتێکدا بدەن بەدەستەوە، یان ڕۆشناییەک بخەنە بەردەم ئەو قەیرانانەی کە دەرگیری عێراق وناوچەکە بووە، بۆیە ئاکامەکەی دەبێتە شەڕی نێوانیان.

هەوڵەکانی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە جۆرێکی ترە لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی لەگەڵ هێزە میلیشیاکانی پارتی و حەلبوسی و هێزگەلێکی تردا، تا لە بەرامبەر ئەو هێزە میلیشیایانەی پاشکۆی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئێراندان بوەستنەوە، ئەم هەوڵەش ئاشکرابوو کە هەر لەسەرەتاوە سەری نەگرت.

عێراقێک کە غەرق بووە لە گێژاوی سیاسی و گەندەڵیدا و تەواوی ئەم هێزە میلیشیایانەش فاکتەرێکی کاریگەری ئەو دۆخەن، تەواوی بونیان و پلان و دەوری سیاسیان بەبەردەوامی هۆکاری قوڵکردنەوەی ئەو گێژاوو ناجێگیریە سیاسیەن، هەر هەوڵ و شیوازێکی تر لە دەورو دەخالەت و کێشمەکێش و شەڕی نێوانیان هۆکاری سیناریۆی نەرێنی زیاترو کارەساتبار تر دەبن.

تەواوی ئەم هێزە مافیا گەندەڵ و جەردانەی لە عێراق و کوردستاندا کە بەهێزی میلیشیا نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، وێنایەکی نمونەیی ئەوپەڕی ڕیسوایین لە شێوازدان بە چوارچێوەی حوکمڕانیەکی تایبەت لە ناوچەکەدا، تا ئەو ئاستەی تەواو ناکۆکن بەو ئاڵوگۆڕانەی پێویستە پێشبینی بکرێت بۆ ناوچەکە بە ئاراستەی دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایە گوزاری، بە مانایەک گەر پرۆژەی ئارامی سیاسی و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری پێداویستیەکی ناچاری بێت، ئەوە بەڵگەنەویستە کە تەواوی ئەو هێزانەی چەندین ساڵە لە شانۆی سیاسی عێراقدا وەک هێزی میلیشیا سەپێنراون، ئێستا کەوتونەتە بەر چارەنوسێک بۆ خۆشیان ڕۆشن نیە ئایندەی سیاسی و مافی دەسەڵاتداریەتیان تاکەی بردەکات و بەرەو کوێیان دەبات. هەر هێزکیان لەو نێوەدا بەخت و چارەنوسی خۆی لە ناو ئە ئاڵوگۆرانەدا تاقی دەکاتەوە. بە مانایەکی تر هەر لایەنێکیان بەهەر شێوازو سیناریۆیەکی گونجاو بۆیان بەدیبێت لە هەوڵی ئەوەدان هاوسەنگی هێزەکەی تاقیکاتەوەو هەوڵەدات نیشانی بدات هێزێکە ئەتوانێ کە خاوەنداریەتی ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بەدەستەوە بگرێت. بە بۆچونی من ئەم جۆرە لە هەوڵدان بۆ هەر لایەنێکیان قومارێکی گەورەو مەترسیدارە، دەبینین کە ئاکامی کێشمەکێشەکەیان جگە لەوەی دەبێتە پێکدادان و بارگرژی و نائارامی زیاتر بۆدۆخی سیاسی عێراق، هیچ شتێکی تری لێ سەوز نابێت، هەرلایەنێکیان پێگەو نفوزی سیاسی و چەکداری خۆی تاقی دەکاتەوە تا گرەوی باڵادەستی بەسەر گەندەڵیدا تەواو بخاتە ژێر هێژمۆنی خۆیەوە.

ئەم هێزە میلیشیایانەی کە بەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە لە مەیدانی سیاسی عێراقدا ناسنامەی سیاسی خۆیان بە ئیسلامی و تائفی و عروبە ناساند، وەک چەند گروپ و دەستەوتاقمی مافیا ئاسا، گەورەترین تەوریان بەسەر درەختی بەهاری عێراقدا وەشاند، عێراقیان کردە چەند پارچەیەک کە تا ئێستا هەر تاقمە مافیایەک ناوچەیەکی خستۆتە ژێردەسەڵاتی هێزە درندەکەی بۆ سەپاندنی ئەوپەڕی کۆنەپەرستی و مامەڵەی دژە ئینسانی. لەهەمانکاتدا هەریەک لەو هێزانە ئەوەیان سەلماند کەبە هیچ جۆرێک توانای ئەوەیان نیە و ناتوانن مەرکەزیەت بۆ باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق دابین کەنەوە، هەر ناوچەو هەر شارێک یاساو ڕێسای میلیشیایەک بەڕێوەی دەبات، هەر هەولێک بۆ گەڕانەوەی مەرکەزیەت لە سایەی ئەم مافیایانەدا بەشکست و کارەسات کێشراوە.

موقتەدا سەدرو هێزەکەی لە هەوڵی خۆ ئامادەکردنیان بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهات و ئاڵوگۆرانەی پێویستە لە عێراق و ناوچەکەدا بەدی بهێنرێت، سەرەتا هەوڵیاندا لەڕێگەی فشارهێنان بە خۆپیشاندانە جەماوەریەکەیان، لەبەرامبەر چوارچێوەی هەماهەنگی و لایەنەکانی تردا مەرجەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم ڕێگایە بۆ سەدر کارساز نەبو، جگە لە کات کوشتن، نەبووە دەستکەوتێک تا نانی سەرکەوتنی پێکهێنانی دەسەڵاتی لێ بخوات، بۆیە سەدرو هێزەکەی ڕێرەوی جوڵەی سیاسی خۆیان گۆڕی بۆ هێرشی چەکداری، ئەم شەڕەش بۆ سەدر جارێکی تر جگە لە زیانێکی زۆر لەهێزەکەی و کەمبونەوەی ئیعتباری سیاسی ڕەوتەکەی ئەنجامێکی تری نەبو، لەهەمانکاتدا لەژێر

فشاری ئێران و بەرەنگاربوونەوەی هێزی چوارچێوەی هەماهەنگی، لەبەرامبەر پاشەکشەو شکستێکدا خۆی بینیەوە. بەمجۆرە دۆخەکەی لەخۆی و لە هێزەکانی تریش ئاڵۆزترو نالەبارتر کرد.

لەلایەک واقیعەتی بارگرژی و نالەباری و نائارامی کە ساڵانێکە بۆتە دیاردەیەکی دانەبڕاوی بەرچاو لە ناوچەکەدا، لەلایەکی ترەوە ئەو ئاراستەیەی بەتەنگ ئەو ئاڵوگۆڕەوەیە بە گەڕانەوەی ئارامی و ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، ڕێگە نادات بەشەڕی درێژماوەی نێوان هێزە میلیشیاکان، بۆیە نەک سەدر، هەرهێزو لایەنێک لە مەیدانی شەڕی ناوخۆدا خۆی تاقیکاتەوە بۆ سەپاندنی هێزەکەی، لە بەرێخستنی شەڕێکی درێژماوەدا، بێشک لەبەردەم پاشەکشەو شکستدا خۆی دەبینێتەوە، هەربۆیە سەدر بە زوویی ناچار بە پاشەکشەو شەرمەزاری بو.

ئەمە واقیعەتی سیاسی ئێستای ئەو دۆخەیە لە ناوچەکەدا کە لە ناو ناکۆکی و ئایندەیەکدا قەتیس بووە، ناتوانرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا دەرکەوتەکانی بەدی بکرێت، ئەمەش هێزە میلیشیاو مافیاکانی خستوتە ناو چاوەڕوانی و سەرەگێژیەکەوە، نازانن چۆن دەست پێبکەنەوەو لەکوێوە سەر دەربێننەوە، بۆیە هەمیشە ئیمکانی ئەوە هەیە پێکدادانی تر لە چەشنی سەدرو هادی عامری و خەزعەلی دوبارە بێتەوە، بەڵام ناتوانێ درێژماوە بێت.

مەسەلەیەک کە گرنگە لەم نێوەداو جێگای سەرنجی جەماوەری نارازی بێت لە عێراقدا، ئەوەیە بە هیچ جۆرێک خەڵکی نەبنە قوربانی و سوتەمەنی ئەم جۆرە شەڕانەی نێوان هێزە میلیشیاکان، تەواوی ئەم هێزانە بە ڕێکەوتنیان، بە شەڕەکانیان، گەورەترین دەردو بەڵاو موسیبەتن بۆ دانیشتوان، خۆپاراستن و دورکەوتنەوە لەشەڕەکانیان گرنگترین ئەرکە پەیڕەوی بکەین، لەهەمانکاتدا ڕێگای کارساز بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخە، خرۆشان و ڕاپەڕینی جەماوەری نارازیە کە سەربەخۆبن لە ئاسۆی بزوتنەوەی ئیسلامی و تائفی و قەوم پەرستی، لە هەوڵی ڕاماڵین و پاکردنەوەی عێراق و کوردستاندا بین لەم هێزە میلیشیایانە.

★

---

# پەڕلەمانتاری دزو یاساشکێن ناتوانێت ژیانی هەژاران چاک بکات!

**مستافا باهیر**

من خۆم باوەڕم بە سیستەمی پەڕلەمانی نیە. پێموایە هیچکات کرێکاران و هەژاران لەڕێگای پەڕلەمانەوە ناتوانن دونیایەکی باشتر بۆ خۆیان و کۆمەڵگا بەدەستبێنن، چونکە پەڕلەمان تەنها بۆ پارێزگاریکردنی سەرمایەداران کاردەکات و یاساکانیشیان لەبەرژەوەندی ئەوانە. بەڕای من پەڕلەمان یەکێکە لە ڕێگرە سەرەکیەکانی بەردەم ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەلایەن کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە، هەربۆیە بۆرجوازی برەو بە سیستەمی پەڕلەمانی دەدات. ئەگەر لە هەندێ وڵاتیشدا پەڕلەمان یاسای لەبەرژەوەندی چینی کرێکار دەرکردبێت ، ئەوە بەهۆی یەکگرتن و ڕێکخرابونی کرێکارانەوە بوە. هەرچەندە لە وڵاتانی ئەوروپا و بەشێکی زۆری وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکاندا پەڕلەمان کەم تا زۆر توانیویەتی چاودێری کارەکانی حکومەت بکات و کەسانی یەکەمی حزبەکان لەناوپەڕلەماندا بەشداریان کردووە و توانیویانە پابەندبن بەو یاسایانەی کە خۆیان دەریدەکەن، هەوڵدەدەن کە حکومەت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات، بەڵام هیچکات لە ڕێگای پەڕلەمانەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕونادات کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بێت بەگشتی.

بەڵام پەڕلەمانی کوردستان هیچ پەیوەندی بەو سیستەمەوە نیە کە ناو نراوە پەڕلەمان. ئەوەی لەکوردستان هەیە پەڕلەمان نیە، بەڵکو دەزگایەکی کارتۆنیە و هیچ دەسەڵاتێکی نیە. "پارتی و یەکێتی" پەڕلەمانیان بۆ ئەوە دروستکردوە کە بە جیهان بڵێن ئێمە لە ڕێگای دەنگدانەوە و بە شێوەیەکی دیموکراتی دەسەڵاتمان گرتوە. چونکە خۆشیان باشدەزانن، ئەوەی دروستیان کردوە پەڕلەمان نیە، بەڵکو دیوەخانێکە و کۆمەڵێک موریدی حزبەکانی تێدایە و مۆر لە سیاسەتەکانی ئەوان دەدەن. چونکە ئەگەر سەرانی یەکێتی و پارتی پەڕلەمانیان بۆ گرنگ بوایە بێگومان بێجگە لەوەی کە کەسانی یەکەمی حزبەکان تیایدا بەشدار دەبوو، ئەوکاتە لەبەر کەسە نزیکەکانی خێزانی بەرزانی و تاڵەبانی بەر موریدە لاکەوتەکانی دەرجە سێیی حزبەکان نەدەکەوت.

پەڕلەمانتارەکانیش خۆشیان باش دەزانن کە پەڕلەمان هیچ دەسەڵات و گرنگیەکەی نیە لای حزبەکانیان، بۆیە ئەوانیش پەڕلەمان وەک چاخانەیەک سەیردەکەن، بێجگە لەوەی کاتی بەتاڵی خۆیانی تیابەسەردەبەن، پارەیەکی باشیشیان لێ دەست دەکەوێت. هەربۆیە بەشێوەیەکی یاسایی کەوتونەتە دزینی سەروەتی خەڵکی هەژاری کوردستان، ئەویش بەیاساییکردنی موچەیەکی خەیاڵی بۆ خۆیان، کە موچەکەیان ٢٠ قاتو ٣٠ قاتی مووچەی ئەو مامۆستایایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانی فێری نوسین و خوێندنەوە کردوە. یاخود موچەکانیان ٤٠ قاتو ٥٠ قاتی کرێی کرێکارێکی ژینگەپارێزە کە ئەگەر ئەوان نەبن ژیان لە خەڵک هەراسان دەبێت. پەڕلەمانتاران و دەسەڵاتدارانی حزبەکان باش دەزانن کە ئەم جیاوازی موچەیە بەو شێوەیە لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا وجودی نیە. جا بۆیە ئەگەر پەڕلەمانتارێک ئەوە بەهەقی خۆی بزانێت کە خۆی

مانگانە بەیاسایی موچەیەکی خەیاڵی وەرگرێت و چەندەهای تریش بەدزی و چەپڵەلێدان بۆ دزە گەورەکان وەرگرێت، بیگومان نەک هیچکات لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری کوردستان نایەتەدەنگ، بەڵکو ئەویش کەسێکە لە دزەگەورەکان و ئەگەر لەوان تاوانبارتر نەبێت وەک ئەوان تاوانبارە، چونکە بەئاشکرا بەجیهان دەڵێت ئێمە دەوڵەتێکی دیموکراتین و کێشەکانمان لە پەڕلەمان چارەسەر دەکەین و دەتوانین "دەبە ئاو و قۆندەرە " بگرینە سەرۆک پەڕلەمانەکەمان!

پەرلەمانتارانی کوردستان خۆیان ئەو یاسایانەی دەریدەکەن باوەڕیان پێی نیە و یەکەمین کەسانێکن کە یاساکە پێشێل دەکەن. بە گوێرەی یاسای هەموارکراوی ژمارە ١٥ی سالی ٢٠٠٨ ی پەرلەمانی کوردستان هیچ پیاوێک بۆی نیە زیاتر لە ژنێک بهێنێت مەگەر ئەوەی کە ژنی یەکەم نەخۆش یان نەزۆک بێت و پیاو توانای دارایی هەبێت و بەڵێنی دادپەروەری بدات لە نێوانیان و لە سەروی هەموشیەوە دەبێت ژنی یەکەمی رازی بێت، بۆیە ئەگەر ئەو هۆکارانەش هەبێت و ژنی یەکەم رازی نەبێت ئەوا هێشتا پیاو ناتوانێت ژنی دوەم بهێنێت. بەڵام سەرۆکی یەکێک لە حزبەکانی بەشداربوو لەپەڕلەمان و ٧ ئەندام پەڕلەمانی ئەم خولە ژنی دوەم و سێهەم و چوارهەمیان هیناوە. خۆیان یاساکەی خۆیانیان پێشێلکردوە. هەروەها بەگوێرەی بڕیاریک کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەرچوە داربڕین بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە، چەندەها کەسی هەژار بەم بڕیارە سزادراون، بەڵام پەڕلەمانتارێک لە ناوچەی شارباژێڕ بۆ هەنگوینی سروشتی بە سەدان داری بڕیوە، لەلایەن پۆلیسیشەوە هیچ لێپرسینەوەیەکی لینەکراوە. چونکە ئەندام پەڕلەمانە و حەسانەی هەیە.

پەڕلەمانتارانی عێراقیش زۆر لەوانەی کوردستان دزترو گەندەڵترن. ئەوەتا ئەوانیش بە گوێرەی ئەو یاسایەی کە خۆیان دەریان کردوە موچەیەکی چوار دەفتەر دۆلارییان بۆ خۆیان داناوە. زۆرجار دەنگەکانیشیان دەفرۆشن بەپارەیەکی خەیاڵی بە کوتلەو لایەنە سیاسیەکانی دیکە. سەرەڕای ئەمانەش هەندێکیان لە بازرگانی لەشفرۆشیەوە تێوەگلاون کە دەنگێکی دزە پیکراو کە لەبەینی دوو پەڕلەمانتاری عێراقی لەسەر کوتلەی "سائیرون "ی سەر بە " موقتەدا سەدر" ، رویداوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو کراوەتەوە، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە!

لەم بارەیەوە چەندەها نمونە هەیە کەدەیسەلمێنیت نە حزبەکان نە پەڕلەمانتارەکان لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری عیراق وکوردستان کار ناکەن.

هەربۆیە دەبێت خەڵکی عێراق و کوردستان گوی لە درۆی ئەم حزبانە نەگرن باوەڕ بە بەڵێنەکانیان نەکەن ، چونکە ئەمانە ئەو کەسانەن بەڵێن بە خەڵکی دەدەن کە ژیان باشتردەکەن، بەڵام دەبینین کابینە لەدوای کابینە ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات. هەربۆیە نابێت هیچ چاوەڕوانیەکیان لەپەڕلەمان هەبێت، چونکە لەڕێگای پەڕلەمانە هیچ ئاڵوگۆڕێک ناکرێت تەنها چەند کەسێک دەچنە پەڕلەمان و ژیان و گوزەرانی خۆیان باش دەکەن و دەبن بە دەهۆڵکوتی حزبەکانیان. تەنها ڕێگایەک کە خەڵکی عێراق و کوردستان ڕزگاردەکات یەکگرتن و کۆبونەوەیانە لەدەوری یەکتر و هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی هەمو ئەو سیستەمەی کەئەمرۆ لە عێراقدا کاری پێدەکرێت به پەرلەمانیشەوە!

☆

**ڕەوتە بۆرژوازییە ناڕازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نە سەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەڵات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵبپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتی پشتبەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لەجێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕوون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.**

بەشێك لە بەڵگەنامەی": کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە!"
پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب کانونی یەکەمی ٢٠٢١

# بەیداخەکەی شاسوار بەسەر لولەی کاتیۆشاکەی سەدرەوە!

جەمال موحسین

دوای ئەوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو موقتەدا سەدر بە شێوەیەکی ڕووکەشی کشانەوەی لە سیاسەت ڕاگەیاند، چەند ڕوداوێکی خوێناوی چزەیان لە کۆمەڵگەی عێراق هەستاند. هەمووان بە ڕۆشنی ئەیبینین کە کاتێک سەدر هیچ جێگەوڕێگەیەکی ئەوتۆی پێ نەدرا، سەرباری ئەوەی لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا زۆرترین دەنگی بەدەست هێنابوو، لەڕێی لایەنگرانیەوە کەوتە داگیرکردنی پەرلەمان و هەندێک دامودەزگای تری حکومەتی. بەڵام ئەوەش هێشتا مەرامەکەی بەدەست نەهێنا. هەربۆیە ئەمجارەیان بە هەڵکوتانەوە سەر ناوچەی سەوز و پەرلەمان و دادگای باڵا و دامودەزگا حکومیەکان و کردنی شەقامی شارەکانی بەغداد بە مەیدانی هاویشتنی قازیفە و هاوەن و کاتیۆشا، ویستی بەختێکی تر تاقی بکاتەوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە بەناو کشانەوەکەی سەدر زۆرتر گەمەیەک بوو تاکو بە نەیارەکانی و خەڵکیش بڵێ ئیتر هەر خوێنێک بڕژێ ئەو لێی بەرپرس نییە، لەکاتێکدا ئەمە هەڵکردنی چرای سەوز بوو بۆ لایەنگرانی کە دەست لە هیچ نەپارێزن. ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا بوو بە هەر نرخێک بووە خواستەکانی خۆی بۆ بەشداری لە دەسەڵاتدا هەرچی زیاتر بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنی. دوای خوێن ڕژانێکی زۆر و ماڵوێرانیەکی تر بۆ خەڵکی نەدار و بێبەشکراوی شارەکانی عێراق، لەژێر هەر فشارێکدا بێت سەدر بایدایەوە و بە ڕاگەیاندنی “خۆبێبەری کردن” لە لایەنگرانی، ئەو شەڕەی کە دەستی پێکردبوو ڕایوەستاند. بەڵام پاش چی؟! بەداخەوە ئەمە یەکەم جار نییە کە سەدر مەلە لەم حەوزە لیخنەدا ئەکات. ئیتر هاتوچۆکردنی گیانی کەسانێک، بەهەر خۆشخەیاڵیەکەوە کە بە سەدر یان لایەنی بەرامبەر هەیانبووە، لە جوڵانەی جەهەنەم و بەهەشتەکەی شەهیدبووندا بە فلسە سوورێک. ئەوان یار و نەیار لە بازنەی بە دەستهێنانی غەنیمەی زیاتردا ئەخولێنەوە. سەروبەندی ئەو ڕووداوانە کە خەڵکی بێبەشی عێراق و کوردستانیش بەچاوی خەم و نیگەرانیەوە لێیان ئەڕوانی، جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەسەر زاری سەرۆکەکەیەوە ڕایگەیاند کە: “ئەوەی لە بەغداد دەگوزەرێت ڕۆژێک لە کوردستان ڕوودەدات، چونکە ماوەی ٣١ ساڵە لە هەرێم کێشەکان کەڵەکە دەبن، دیکتاتۆرەکان گەورەتر و گەورەتر دەبن و گەندەڵیش زیاتر و زیاتر دەبێت...”. یانی بەپێی ئەم بێباکیە سیاسیەی شاسوار بێت کە دیکتاتۆرەکان و گەندەڵەکانی یەکێتی و پارتی گەورەتر و زیاتر بوون، گرنگ هەستانە لە دژی یەکێتی و پارتی، گرنگ تەنها ئەو نەفرەتەیە لە دژی ستەمکاران جا با ببێت با هەڵگرتنی چەک، بەبێ بەرنامە، و با ببێت بە شەڕی ناوخۆ و با خەڵکیش بکوژرێت. ئەگەر یەکێتی و پارتی لەناوچوون، گرنگ نییە چ کۆمپانیایەکی تر و چ دەموچاوێکی تر جارێکی دیکە شیلەی گیانی خەڵک بمژێت و لەبەری برسێتی خەڵک قازانج بەرێت. ئەمە هەموو بەرپرسیارێتیەکەی شاسوار و جوڵانەوەکەیەتی، لەسەر حسابی خوێنی خەڵک و بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازێکی زیاتر.

لەم لگاوەدا، شاسواریش زاری خۆی هەڵئەدات و لە هەوڵی بە دەستهێنانی غەنیمەیەکدایە. ئەمە ئیتر هەڵواسینی بەیداخی نەوەی نوێیە بە هەمان لولەی کاتیۆشا و هاوەنەکانی سەدرەوە. ئەمە دووبارەکردنەوەیەکی قێزەونانەی بانگەوازی خۆپیشاندانەکەیە لەلایەن شاسوارەوە کە ئێمە ئەوکاتە بەدروستی وتمان ئەوە هەڵڵەرزینی شاسوارە لەژێر پاڵتۆکەی سەدرەوە.

بەڵام دەستەکەی سەدر و شاسوار کەشفە. ئیتر شانۆی سیاسی کوردستان و عێراق ئەبێ ببێ بە هەڵوەشاندنەوەی نمایشەکانی سەدرەکان و شاسوارەکان، ڕێک بەوێنەی نمایشەکانی تا ئێستای مالکیەکان و عەبادیەکان و عەبدولمەهدیەکان و ئەلهادیەکان و بارزانیەکان و تاڵەبانیەکان و ئال نەوشیروانیەکان. پەردەی دواتر پێویستە پەردەی هەستانی جەماوەری بێ بەش ئاسۆی وەلانانی ئەم سیستەمە بە دەسەڵات و نەیارەکانی ناو ماڵەکەیەوە و خستنەبەری دەسەڵاتێکی بنیاتنراو لەسەر ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەی لە شوراکان و ئۆرگانە سەربەخۆ و ڕاستەوخۆکانی خۆیاندا.

★

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆیان بڕیاری کۆتایی بدەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی خەڵکن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی خەڵک بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**